# وا لە ژیان بکەین
# بگەڕێنەوە بۆلای یەکتر




FAMILY INTERVENTION PROGRAM

## شوێنی جوگرافی نوسینگە:

بەرنامەی تێوەگلانی خێزان (FIP)
(سەنتەری سەلامەتی خێزان)
610 Murfreesboro Pike
Nashville TN 37210




بەرنامەی تێوەگلانی خێزان (FIP) دەکەوێتە سەنتەری سەلامەتی خێزان. کاتێک دەگەیت، چێک ئین لەلای پاراستن (ئاسایش) بکە.

**بۆ دەستکەوتنی وادە پەیوەندی بکە بە (615) 862-7773**


ئەم پرۆژەیە پاڵپشتی کراوە لەلایەن بەخشینی ژمارە 2017-VA-GX-0051 بەخشراوە لەلایەن نوسینگەی قوربانییانی تاوان، نوسینگەی بەرنامەکانی تاوان، ویلایەتە یەکگرتووەکان U.S. فەرمانگەی دادوەری لەڕێگەی نوسینگەی تێنیسی لە بەرنامەکانی دادوەری تاوان.


Kurdish (Sorani)

FAMILY INTERVENTION PROGRAM

"باشترین ڕێگا بۆ دەربازبوون لە ئاستەنگییەک بریتیە لەوەی پیایدا بڕۆیت."

*نەزانراو*

"ئەو شتانەی لەدوامانەوەن و ئەوانەی لەبەردەممداندان شتی بچوکن بەراورد بەوانەی لەناو ناخماندا هەن".

*ڕالف واڵدۆ ئێمێرسن (Ralph Waldo Emerson)*

# کاتێک تۆ خۆت یان کەسێک کە دەیناسیت تاوانێکتان لە بەرامبەر دەکرێت

هەرکاتێک تاوانێک ئەنجام دەدرێت، چەندین خەڵک بەهۆیەوە کاریگەر دەبن - قوربانییەکە، ئەندامانی خێزان، هاوڕێیان و تەنانەت تەواوی کۆمەڵگەکەش. هیچ کەسێک خۆی ئامادەنەکردووە بۆ کاریگەری جەستەیی و سۆزداری تاوان، کە دەکرێ وێرانکار بێت بۆ ئەوانەی ئازاریان پێگەیشتووە و هەروەها بۆ خێزان و هاوڕێکانیش، بە کاریگەربوون بەو ئازارە ڕاستەقینەیەی کە دوچاری ئەوانە دەبێتەوە کە تاوانیان لە بەرامبەر دەکرێت، فەرمانگەی پۆلیسی ناشڤیڵ میترۆپۆلیتان (MNPD) هەڵساوە بە دابینکردنی ڕاوێژکردن، پارێزەری، و خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتیکردن بۆ قوربانییانی تاوان و خەڵکانی تریش ئەوانەی تاوانی توندوتیژی کاریگەری کردۆتە سەر ژیانیان لەوەتەی ساڵی 1975.

## یارمەتی لێرەیە

لە ساڵی 2016، دوو بەرنامەی پارێزەری و ڕاوێژکردنی MNPD ئەوانیش، بەرنامەی تێوەگلانی قوربانی (VIP) و ڕاوێژکاری توندوتیژی خێزانی یەکیان گرت و بوون بە بەرنامەی تێوەگلانی خێزان (FIP). ئەم خزمەتگوزارییانە دامەزران لەسەر بنەمای ئەوەی کە هەرکەسێک دووچاری ترۆما دەبێتەوە لە دەرەنجامی کرداری تاوانبارێک، پێویستە بەدواداچوون و بەشداری یەکسەر (هەنووکەیی) قەیرانەکانی بەبێ بەرامبەر پێشکەش بکرێت. بەبوونی کارمەند کە مۆڵەتی شارەزایی تەندروستی مێشکی، و پارێزگاری دانپیانراویان هەیە، FIP پابەندە بە هاوکاری کردنی ئەوانەی کاریگەر بوونە بە توندوتیژی، بۆ دۆزینەوە و گێڕانەوەی هەستی ئاشتەوایی و هاوسەنگی لە ژیانیاندا. بڕیاری قوربانی لەبارەی پرۆسەی دادگایی کردن، کاریگەری ناکاتە سەر شایستەبوونی.

ئامانجی کاری FIP بریتیە لە دابین کردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی مێشکی و سیستەمی پارێزگاری دادوەری تاوان هەرکاتێک تاکەکان، خێزانەکان و/یان کۆمەڵگە کاریگەر دەبن بە تاوانێکی توندوتیژی. هەموو خزمەتگوزارییەکان بێ بەرامبەر و نهێنین، و لە ژینگەیەک دابین دەکرێن کە پاڵپشتی لە هەمەچەشنی کەلتوری دەکات: بە ڕێزگرتن لە بنەچە، ئایین، بیروباوەڕ و ئاڕاستەی سێکسی.

## ژمارەیەکی بەرفراوانی خزمەتگوزارییەکان

کارمەندی هاوسۆز و ڕەچاوکاری کەلتوری ئەمانە دابین دەکەن:

### بەشداری لە قەیرانەکان

وەڵامدانەوە لە 24 کاتژمێر لە قوربانییان و هاوڵاتییان، بە دەستپێشخەری ئەفسەر(ەکان)، کاتێک ڕاپۆرت لەبارەی تاوانێک دەدرێت.

### ڕاوێژکاری

خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری پیشەیی بۆ تاکەکان، ئەندامانی خێزان و کەسانی تریش کە کاریگەر بوونە بە تاوان. گروپی پاڵپشتی قوربانی/ڕزگاربووان لە دانیشتوانی هەمەجۆر لە سەرتاسەری ساڵدا بەردەستە.

### وەڵامی قەیرانەکانی گروپ

بەشداری لە قەیرانەکانی گروپ دابین دەکرێت کاتێک داوادەکرێت، کاتێک بازرگانی، قوتابخانە یان گروپی تر کاریگەر دەبن بە توندوتیژی.

### بەرگری و بەڕێوەبردنی کەیس

ڕێنمایی، پاڵپشتی و ڕوونکردنەوە لەمیانی بەڕێوەچوونی ڕێکارەکانی پۆلیس و دادگا. هاوکاری بەردەستە بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکان و پێشکەش کردنی داواکاری لەبارەی قەرەبووکردنەوەی بریندار بوون لەکاتی تاواندا TN.

### خزمەتگوزاری تایبەتمەند

بەرگری وەڵامدەرەوەی کەلتوری/بەردەست بۆ دانیشتوانی هەمەجۆری ناشڤیڵ لەوانە تایبەتمەندکارانی بواری پەنابەری و کۆچبەری، ئەو کارمەندانەی دەتوانن بە دوو زمان قسە بکەن، زانیاری بە چەندین زمانی هەمەجۆر، و بەکارهێنانی وەرگێڕی زمانەکان هەرکاتێک پێویست بێت.

### ڕاوێژکاری و ڕاهێنان

پرێزێنتەیشنەکان بەردەستن بۆ گروپەکانی کۆمەڵگە و شارەزایە پیشەییەکان بۆ برەودانی هۆشیاری و تێگەیشتن لە خزمەتگوزارییەکانی FIP، کاریگەرییەکانی ترۆما/قوربانی بوون؛ و هۆشیاری کەلتوری وەڵامدانەوە قوربانییانی دیاریکراو لەنێو دانیشتواندا.

### زانیاری و ڕەوانەکردن

هەماهەنگی کردن لەگەڵ دابینکارانی چاودێری تەندروستی، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی دادوەری تاوان.

## ئەمە دەوەستێتە سەر خۆت

ئامانجی سەرەکی بەرنامەی تێوەگلانی خێزان بریتیە لە یارمەتیدانی تاکەکان و خۆشەویستانیان لە گەڕاندنەوەی هەستی تەندروستی و خۆشگوزەرانی دوابەدوای قەیرانەکان. ئەگەر تۆ خۆت یان کەسێک کە دەیناسیت بوونەتە قوربانی تاوانێک، تکایە پەیوەندی بکە بە ژمارەی تەلەفۆنی گونجاو کە لە لیستی خوارەوەدا هەیە.

**بەرنامەی تێوەگلانی خێزان** (615) 862-7773

### ژمارەی پەیوەندی کردنی تر

لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس:

| | |
|---|---|
| بنکەی ناوچەی باکور | (615) 862-7901 |
| بنکەی ناوچەی باشور | (615) 862-7763 |
| بنکەی ناوچەی ڕۆژهەڵات | (615) 862-7575 |
| بنکەی ناوچەی ڕۆژئاوا | (615) 862-7385 |
| بنکەی ناوچەی میدتاون هیڵس | (615) 880-1513 |
| بنکەی ناوچەی هێرمیتیگ | (615) 862-6993 |
| بنکەی ناوچەی مادیسن | (615) 880-3311 |
| بنکەی ناوچەی سێنتراڵ | (615) 862-7044 |
| یەکەی تاوانە سێکسییەکان | (615) 862-7540 |
| بەشی توندوتیژی خێزانی | (615) 880-3000 |
| نوسینگەی داواکاری گشتی ناوچەیی | (615) 862-5500 |
| قەرەبوونکردنەوەی برینداربوونی تاوان TN بە ژمارە | (615) 741-2734 |

**بگەڕێوە بۆ تەختەی دواوە بۆ نەخشە و ئاڕاستەکان.**

f.i.p.
FAMILY INTERVENTION PROGRAM
(615) 862-7773